کوردستان نێت
KURDISTAN NET

## وەڵامێك بۆ خاتری دۆستان

## لە عەبدوڵڵا پشدەری یەوە

ماوەیەکە کەسێك بەناوی بەشدار قادر کە ئەم جارە نازناوێکی تری داناوە(ڕەحیم قادر هەڵشۆیی) لێرو لەوێ شت بڵاودەکاتەوە،کە هەرهەمویان ناوەرۆك درۆو دەلەسەن و دوورن لە ڕاستیەوە.

لەڕاستی دا ئەمن نەمدەویست وەڵامی بدەمەوە،چونکە لەگەڵ کێ بدوێم و وەڵامی کێ بدەمەوە؟ بەڵام تێکرای دۆستان و بەڕێزانی خۆم کە سەدانن زۆر بەسوپاسیشەوە دەڵێم هەمیشە لە پەیوەندی دان لەگەڵم ، پێیان باش بوو ئەم وەڵامە بدەمەوە

١- ئەوەی ئەو کەسە نادیارە بڵاوی کردۆتەوە،دوورە لە ڕاستیەوە لە دوو سێ ڕووەوە :

أ- ئەمن ڕۆژگارێکم بەبیردا نایەت کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ هیچ ڕۆژنامەیەکدا کردبێ یان ئافرەتێك بەناوی سروە قەرەنی هاتبێ بۆلای من ،ئەمە خەیاڵێکە دەست کردە یان لای کاك بەناو بەشدار قادر یان لای سرەوە قەرەنی،چونکە هەر لە ئێوەی خوێنەری بەڕێز بپرسم ئایا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری بەم شێوەیە دەبێت؟ نابێ ڕۆژنامەچی پرسیار یك بکاو ئینجا وەڵام وەربگرێ و دوایی پرسیارێکی ترو وەڵامێکی تر بەم شێوەیە بەردەوام بێت و بابەتەکان یەك بگرنەوە،نەك بەتەڵ فلیم لە ڕۆژ هەڵات بۆ ڕۆژ ئاواو لەباشوور بۆ باکوور بیبات و ڕۆژنامەچیش قروقپ بکات،ئەم بابەتە لای کەسانی ڕۆژنامە نووس زیاتر نیشانەی پرسیاری دەخرێتەسەر.

ب- ئەمن موستەشار نەبووم ،فەرموون هەموو فایلاتی کۆن لەبەردەستن با پێداچوونەوەیان بکرێت ئینجا ڕاستی ئەم درۆیە شاخ دارە دەردەکەوێت.

ج- کێ دەیتوانی لە زەمانی ڕژێمێکی دڕندەی وەك بەعس بەناوی کەسایەتیەکی تر قسە بکات،نەك هەر لە عێراق بەڵکو لێرە کە ئەوپەڕی دیموکراتی هەیە کێ زاتی ئەوە دەکات خۆی بەناوی بەرپرسێك ناوبنێت یان بدوێت ئایا توشی لێپرسینەوە نابێت؟

د- ئەمن ساڵی ١٩٨٦ بۆنی قوتابیم پێوە بوو تازە دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان بووم،ویستم بەردەوامیش بم لە خوێندن وەهەر لەوساڵەدا زۆر هەوڵم دا بۆ کۆلیژی پۆلیس واتا (كلية ألشرطة) ،لەڕێگەی بەڕێز کاك کەمال مفتی کە دۆستی دێرینی باوکم بوو، ئێستاش ئێمە بەبرازای خۆی ناودێنێت بەڕێزیان وا لەسلێمانیە،کەسایەتیەکی بەرزو دیارە ،هەموو پێداویستەکانیشم جێ بەجێ کرد و لە باری تەندروستی و لیاقەو لەش و کیلۆو بەرزیو هەموو مەرجەکانی قوتابی کۆلیژی پۆلیس کەم و کوڕیم نەبوو بەڵام وەریان نەگرتم و ڕەفزم بۆ هات و لەڕێگەی خوا لێی خۆش بێت (پیرۆتی مەمەندی)کەموختاری قەڵادزێ بوو لە دائیرەی (أمن) لەدوایان ناردم و زۆریش ترسام پێیان گوتم کە تۆ مەرجی تەواوت تێدانیە و ئەوکەسە نیت کەشیاوبیت.

٢- بنەماڵەی ئێمە دیارو بەناوبانگن، ئێمە خەڵکی عەشایەرین و لەوەتەی چەك هەیە خەڵکی عەشایەریش لە چەك جیا نەبۆتەوە دیارە ئەمەش بۆخزمەت کردن و خۆپاراستن بووە بەدرێژایی مێژوو ، کە هەر ئەو چەکەش بوو شۆڕشی پێ گەشایەوە لەدوای ساڵی ١٩٧٥ کە هەر لەکەس مەپرسن لە خودی بەڕێز بنەماڵی عەلی عەسکەری وخەڵکی دەڤەری پشدەر بپرسن وەڵامیان لایە، کێ چەکی کۆ کردەوەو کێ پێشمەرگەی ناردەوە شاخ و کێ داڵدەی پێشمەرگەی دەدا ... هتد کەدەتوانم بڵێم ئێمە لەناو شاری قەڵادزێ هەمیشە لانەی لێقەوماوان بووین و دەرگامان ئاوەڵا بووە بۆ هەموو کەس،بێشکەو لانەی شۆڕشەکانی کورد بووین،مێژوو شایەت حاڵی ئەم ڕاستی یەیە،قەڵادزەیی وەکو یەك خێزانی گەورە وایین هەموومان یەکتری دەناسین ،بەتایبەت پێش ڕاگواستنی کێ هەیە

گەواهی ئەم ڕاستی یە نەبێت.

٣- ئەمن لەوڕۆژەوەی گەیشتومەتە وولاتی دانیمارک بەوپەڕی لەخۆبووردوویی خەریکی خزمەتی کوردایەتیم بەبێ بەرامبەر کێ هەیە لە دانیمارك لە خوشك و برایانی کوردم من ناناسێ، خەڵکی بە ئالای کوردایەتی و ڕەمزی کوردایەتی منی ناو بردووە لە دانیمارك ،زۆرینەی لە خوشك و برایانی کوردی دانیمارك لە لایەن منەوە کەم یان زۆر یارمەتی نەدرابێ بەبێ جیاوازی، فەرموون ئێوەو ئەرشیفی پارتیمان وڕاستی ئەم گوتەیە،هەرگیز چاوەڕوانی سوپاسێکیشم نەکردوە چونکە ئەمە ئەرکی نیشتیمانی خۆم بووەو بە منەتی نازانم لەسەر کەس.

٤- کەسێك پیاو خراپ بێت لە کونێك خۆی دەشارێتەوە،نەك بێتە پێشڕەو بۆ هەموو جم وجۆڵە چالاکیە سیاسیەکان بۆ خزمەتی کوردایەتی لەسەر ئاستی دانیمارك بەتایبەتی و ئەورووپا بەگشتی،هەماهەنگی و خەباتی من تا ئەمڕۆش لەسەر ئاستی بەرزی سەرکردایەتی سیاسی کورد بووەودەرگای سەرکردایەتی کورد هەمیشە بۆ من ئاوەڵا بووە کاتێ سەفەری کوردستانم کردووە ،هەرکاتێکیش بەرپرسانی گەورەی کوردو ڕوویان کردبێتە دانیمارك ئەوە ماڵی من بنکەو جێگەی حەوانەوەیان بووە ،ئایا کەسی گومانلێکراو دەبێتە جێگەی متمانەی ئەم هەموو شۆڕشگێڕو قارەمانانە لە ماوەی ئەم هەموو ساڵە نەیان زانی عەبدوڵلا پشدەری کێ یە؟

٥- ئەمن وا نزیکەی شانزە ساڵە لەم وولاتەم،هەر خەریکی خەباتی کوردایەتیم،لەسەر ئاستی سیاسی درێغیم نەکردوەو هاوخەباتەکانم چ لە ئاستی سەرکردایەتی یان لەسەر ئاستی ڕێکخستنی پارتیمان لە ئەورووپا شاهید حاڵی ئەم ڕاستیەن، لەسەر ئاستی چالاکی و جموجۆڵێ کلتووری،ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی،من بەداوای لێبووردنەوە لە خۆشەویستان کە دەڵێم کێ دەتوانێ وەکو من بێت،لە ژیانمدا لە وولاتی خۆمان شەقم لە تۆپ هەڵنەداوە کەچی لێرە تیپی وەرزشی کوردستانم دامەزراندووەو جلەکانمان ئالای کوردستانەو بە شێوەیەکی فەرمی ئەندامی تۆپی پێی دانیمارکین،بەگەورەیی لەسەر سنگمان نوسراوە کوردستان، زۆر جاریش یاری چیمان کەم بووە، تورکوعەرەبو فارسو سۆماڵی .. هتد مان هێناوە،کە ساڵانە ڕکە بەری دەکەین لەگەڵ دەیان تیپی دانیمارکی،کام ئاهەنگی نەورۆز هەیە کە عەبدوڵلا پشدەری بەرنامە داڕێژی نەبێ وهەموو میوانەکان بەڕەزامەندی دێن و بەسوپاسیشەوە لە کۆتایەکاندا ماڵ ئاواییمان لێ دەکەن ،بێگومان هاوکاری تەواوی خوشك و برایانی کوردم لەگەڵە وکۆمەڵەی کلتوری کوردی بەم ئەرکە نەتەوەیە هەڵدەستێ ،کە من سەرۆکی کۆمەڵەم،تا ئەم ساتەش منداڵانی کورد لە قوتابخانەکەی ئێمە فێری خوێندنی کوردی و سرودی ئەی ڕەقیب و کلتورو زمانی کوردی فێر دەبن، کە چەند مامۆستایەکی دڵسۆز بە کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە هەستاوین،بگرە دەیان کاری کۆمەڵایەتی کە پێی هەستاوین ،کە ئەمەش نەریت وڕەوشتی باوك و باپیرانمانە ،وەهەمیشەش خۆم بە برا بچوکی هەڤاڵان و دۆستان زانیوە ئەگەر لە هەر پلەوپایەیەکیش بوویم.

٦- ئەمن زۆر زۆر سوپاسی ئەو دۆست و برادەرانە دەکەم کە ڕۆژانە لەدەورمن و یان بەتەلەفۆن ،کە بەڕاستی مەمنونیانم،هەر کامێکیان بگری محامیەکە لەسەر من کە ئەوە فەخرە بۆ من،ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو خۆشەویستانەی لێرە یەکتریمان ناسیوە،ڕاستیەکانیان لەبەر چاوە لێرەکە ڕۆژانە دەیبینن کەخۆیان دەڵێن کەم کورد هەیە لەم وولاتە چاکەو پیاوەتی تۆی لەسەر نەبێت،کەسێك ئەمە ڕەوشتی چەندین ساڵەی بێت بەجوانی پەروەردەکراوە، هەرچەندە من بەداوای لێبووردنەوە ئەم شتانە دەگێڕمەوە چونکە من بە چاکە ناوی ناهێنم و برا بچوکی هەموو لایەکیانم، ئەو بەڕێزانەی کە لە نزیکەوە واتا لە کوردستانەوە من

دەناسن کە کەسانی بەڕێزی خەڵکی جیا جیای کوردستان و چەند بەڕێزێکیش کە کە خەڵکی پشدەرن و هەر بەمنداڵی پێکەوە گەورە بووین ، ڕۆژانە بە هەمان هەڵوێستی جوانمێرانە دەدوێن، دڵنیاشم هەر ئەو دۆستانە بێدەنگ نابن، ئەمە جگە لە خەڵکی بەشەرەفی ناوچەی پشدەر کە من کوڕی ئەو دەڤەرەم وبەوانەوە سەر بەرزم و هەربەوانیش بەسەربەرزی دەمێنمەوە٠

٧- ئەمن ئەم جۆرە شتانە بەدوو لایەن لێك دەدەمەوە یان کەسێکە ناحەز بە ئێمە کە هەموو کەس بەشی خۆی ناحەزی هەیە، یان لایەنی سیاسی ،کەمن کادیرێکی بەرچاوی پارتیم و لە ڕێگەی ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمر خزمەتی کوردو کوردستانم کردوەو ئەمەش پەیمانە کە بەخودی جەنابی سەرۆك بارزانییم داوە پێش دەرچوونم لەکوردستان وە،ئێمە هەر بە پیاوەتی ژیاوین و هەر بەپیاوەتیش دەمرین ٠

٨- لەکۆتایی دا دەڵێم فەرموو کاك بەشدار قادر ئەوە دێمەوە کوردستان و زۆریش پێم خۆشە بەخزمەتتان بگەم و ئەوە من و یاساو دادگا ،یاساش لە هەمووومان بەرزترە،وە بەو سایتە کوردی یە بەڕێزانەش دەڵێم تکا تکا،کارێك بکەن کە بۆ پێش خستنی کوردستان بێت و هەرچی پێنوسی گرتە دەست مەرج نیە جوان و بەویژدان بنوسێ ،چونکە شکاندنی شەخسیەتی ئەم و ئەو لەڕێگەی سایتەکانەوەیەو، ڕواڵەتێکی ناشرین و ناشایستەیەو،چیتر خۆتان نەکەن بە بەدیلی دەسەڵاتی کوردی،هیوا دارم بەدڵ گەورەیی ئەم بۆ چونەم لێ قبوڵ بفرموون٠

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا

براتان

عەبدوڵڵا هەمزە ئاغا پشدەری

٢٠٠٧-٣-٢